www.kurdistannet.org
11-7-2006 16:45بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڤینۆس فایەق: "ئەکتیڤی و نا ئەکتیڤی ڕێکخراوەکانی ژنان بەستراوەتەوە بەشێوەیەک لەشێوەکان بەپشتگیری حکومەت و دەستەڵاتی سیاسی لەمافی ژنان" ... ئامادەکردنی: ڕێژین ئیبراهیم

Rezhen@maktoob. com



ڤینۆس ئەو کچە شاعیرو ڕۆژنامەنوسەیە کەماوەیەکی زۆرە لەبواری نوسینی شیعرو ووتاردا کاردەکات و زۆرتریش بواری شیعری لەلا خۆشەویستە بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەنوسێت، ڤینۆس لەگەڵ ئەوەی ووتار و نوسینی کۆمەلاًیەتی دەنوسێت و ناوبەناویش خۆی لەقەرەی سیاسەت دەدات و زۆر تریش لەبواری ژنانیشدا کاردەکات و هەردەم لە نوسینەکانیدا بەردەوام وویستویەتی برەو بەژنان بدات، ڕەنگە هەمووشمان بزانین ڤینۆس کێیە، ڤینۆس فایەق کەسێکی دیاروو کەسێکی ئەکتیڤ لە زۆربەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی زۆرێك لەسایتە کانی ئینتەرنیتدا نوسین و شیعرەکانی بلاو د! ەبێتەوە، توانیم لە ڕێگەی ئیمەیلەوە دیدارێك ساز بکەین

+ڤینۆس خان کاتێك کە دەستی کرد بەنوسین بەچی ستایلێك دەستی پی کرد، بەو مانایەی کە ڤینۆس هەر لەبواری نوسیندا کار ناکات بەڵکو لە بواری شعرو نوسینی ڕۆماندا دەنوسێت ئەگەر بە هەڵەدانە چوو بم، لێرەدا مەبەستم ئەوەیە ڤینۆس بەچی دەستی پی کرد بەشعر یان نوسینی ڕۆمان و ڕەخنەگرتن؟

ـبە نووسینی شیعر دەستم پێکرد و پاشان دەستم دایە کاری ڕۆژنامەوانی، و لەگەڵ کاری ڕۆژنامەوانیدا جاروبار وتار ئەنووسم، چ ئەدەبی، چ لە بواری ژنان، هەروەها جارجارەش خۆم ئەدەم لە سیاسەت، ئەوەش مانای ئەوە ناگەیەنێت من نووسەر بم، چونکە بە پلەی یەکەم خۆم بە شاعیر ئەزانم و دوای ئەوەش بە ڕۆژنامەوان، بەلاًم نووسینی وتار یەکێکە لەو پەنجەرانەی لێوەی سەر دەر ئەکەم و هەناسە ئەدەم..

+ بزووتنەوەی فیمینیستی ژنان لەئەوروپا لەچ ئاستێکدایە؟ بەڕای تۆ لەکوردستان لە چ ئاستێکدا بێت؟

+ جیاوازی لەنێوان ژنانی کوردستان لەگەڵ ئەوروپادا چۆن دەبینی؟ ئایا پێت وایە ژنان لێرە زۆر دەچەوسێنەوە یاخود زۆرتر ڕۆبەڕوی توندو تیژی دەبنەوە لەکاتێکدا زۆرێك لەو ژنانەی کە لەئەوروپان ئەگەر بیاندوێنی دەڵیچن ئەوکاتەی لەکوردستان بوین زیاتر ئازاد بووین وە لەوەی لێرەین؟تۆ پێت وایە ئەو عەقلە باوك سالاریە هەر لە کۆمە ڵگای ئێمە هەبێت، یاخو ئەم عەقلە ڕەنگدانەوەی هەقلاًنیەتی ئەوروپییە؟

ئەم دوو پرسیارەی سەرەوە بەیەکەوە وەلاًم ئەدەمەوە..

بە گشتی ژن لە هەر جێگایەکی دونیابێت هەر ژنە، و من بۆخۆم هەمیشە بەچاوی میهر و گەورەرییەوە ئەڕوانمە ئەو قەلاًیەی پێی ئەڵێن ژن، ئەگەر جیاوازیەك هەبێت لە مابەینی ژنێك و ژنێکی دیدا ئەوا ئەو جیاوازیە یان کۆمەڵگا یان ژنەکە خۆی دروستی ئەکات، چ پۆزەتیڤ بێت چ نیگەتیڤ..

چەوسانەوەی ژن لە هەموو جێگایەکی دونیا هەیە بەلاًم جیاوازیەکە لە ڕێژەدایە، جیاوازی کەم و زۆری ڕێژەی چەوساندنەوەی ژنانیش لە کۆمەڵگاکانی دونیادا ئەگەڕێتەوە بۆ زۆر هۆکار لەوانە باری

کۆمەڵایەتی و زاڵبوونی بیری رەگ! ەزپەرستانەی پیاوساڵاری یان بیری دواکەوتووی ئایینی، یان دواکەوتووی و پێشکەوتووی کۆمەڵگاکە، هەر لەسەر ئەو بنەمایەش شێوازەکانی چەوساندەنەوە و سووکایەتی کردن بە ژن لە کۆمەڵگایەیکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر ئەگۆڕدرێت، بۆنمونە هەر لە کۆمەڵگای هۆڵەندیدا کە منی لێ ئەژیم ژن ئەچەوسێتەوە یان سووکایەتی پێ ئەکرێت بەڵام بە شێوازیکی ئێجگار جیاواز کە بۆنمونە لە کوردستان روودەدات، تۆ ئەزانیت ئیستا لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی دونیادا دیاردەی بازرگانی کردن بە ژن و جەستەی ژنەوە چەند تەشەنەی سەندووە؟
بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیر چێت کەوا جیاوازی سەرەکی لە نێوان ئەوروپا و کۆمەڵگایەیکی دەڤەری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست وەکوو کوردستان ئەوەیە لەگەڵ ئەوەشی ئەگەر چەوساندنەوە یان سووکایەتی کردن هەبێت بە ژن، حکومەتێك یان دەسەڵاتێکی حکومی هەیە هەموو کۆمەڵگای لەباوەش گرتووە، هەموو کێشە و گۆفتەکانی کۆمەڵگای گرتۆتە ئەستۆ، بەهای بۆ مرۆڤ داناوە بە بێ هیچ جیاوازیەك لە نێوان رەگەزەکانیاندا.
ناتوانم وێنەیەکی تەواوت بۆ بکێشم سەبارەت بە بارودۆخی ژنان لە ئەوروپا و بزووتنەوەی فێمینیزم، چونکە ئەوان ئەتوانم بڵێم چەند شتێك هەن لە ئێمە جیایان ئەکاتەوە، ئەویش ئەوەیە سوودی تەواویان بینیوە لە تەکنەلۆژیای ژمارەیی و ئینتەرنێت و پێشکەوتنی زانست بەبەرژەوەندی مرڤ و بەتایبەت ژن، ئەوەتا ژنان توانیویانە بچنە هەموو بوارەکانی ژیانەوە، مەسەلەیەکی تری گرنگیش ئەوەیە دەوڵەت، دەسەڵاتی سیاسی، دەسەڵاتی یاسا، ئەمانە هەمووی لە خزمەت تاکی ناو کۆمەڵگادان، دواتر دەوڵەت گرنگیەکی گەورە ئەدات بەمافەکانی مرۆڤ کە مافەکانی ژن گەورەترین بەشێتی، بۆنمونە ژن لە کاتی جیابوونەوەی لە هاوسەری ژیانی رووبەڕووی هیچ کێشەیەکی دارایی و کۆمەڵایەتی نابێتەوە، دەوڵەت هە! موو ژیانی زامن ئەکات، تەواو وەکوو پیاو، وەکوو لای خۆمان نیە ژن سەربەخۆیی دارایی و کۆمەڵایەتی نەبێت، پاشان ئایین هیچ گرفتێك لەبەردەم هیچ رەگەزێکدا دروست ناکات لەڕووی سەربەستی و ئازادیەکانەوە، ئیدی زۆر جار من هەستم کردووە ئەو بزووتنەوە فێمینیزمانەی لە دونیادا سەریهەڵدا خۆی لە خۆیدا لەو وڵاتانەی سیستمی کۆمەڵایەتی و حکومی و ئایینی تیا لە خزمەتی تاکدایە کزبوون، چونکە لەو وڵاتانە ژن تاکێکی چالاکی باوەڕی پێهێنراوی ناو کۆمەڵگایە..
بەڵام ئەگەر باس لە دیاردەی توندوتیژی بکەین، ئەوا بێ شك پێت ئەڵێم توندوتیژی لە هەموو جێگایەکی جیهان هەیە، نەك لە کوردستان تەنانەت لە ئەوروپا کە دەوڵەت باوەشی کردووە بە هەموو کۆمەڵگادا توندوتیژی هەیە، ئەوەتا بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی تەندروستی جیهانی رێژەی توندوتیژی لە جیهاندا بەم شێوەیەیە: لە ئەمەریکا 40% و لە ئەوروبا 58% ە..
کەواتە ئەمە پەیوەندی بە زۆر شتەوە نیە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە ئەو دیاردەیە لە لایەن حکومەت و دامودەزگا حکومیەکانەوە بە شێوەیەکی جیدی قەلاچۆ ئەکرێت و لە ئەژیندەی کارەکانیانا لە سەرەوە دێت، کەواتە لەسەر ئاستی دەوڵەت گوێ دراوە بە کێشەکانی ژن لە کۆمەڵگادا، ئەوە جیاوازی عەقڵیەتەکەیە لە نێوان ئەوروبا و کوردستاندا، ئەو کاتەی لەهەر شوێنێك توند و تیژی هەبێت ئامرازەکانی قەلاچۆکردنی ئەخرێە گەڕ، پاشان لەوە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئایین دەستی نیە لە هیچ دیاردەیەکی زەق و بزێوی ناو کۆمەڵگا وەکوو توندوتیژی لە دژی ژنان.. باوەڕیشم وانیە عەقڵیەتی باوکسالاری رەنگدانەوەی عەقڵیەتی ئەوروبی بێت، چونکە ئەو عەقڵیەتە تەنها لە کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەر! ِاستدا بەدی ئەکرێت، ئەگەرچی 30 تا 40 ساڵ لەمەوبەر ئەوروپاش بە هەمان شێوە پیاوسالاری بووە، بەڵام هەرزوو درکیان بەمەترسی ئەو شتە کردووە و پەرەیان بە ژیانی خۆیان داوە، بەتایبەت دوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی ژنان بۆ داکۆکی کردن لە مافەکانیان و هەروەها بزووتنەوەکانی فیمینیستی..

*پاش ئەوەی کوردستانت بەجی هێشت رووت کردە ئەوروپا هەستت کرد ژنانی ئەورووپی زیاتر ئازادن لەرووی کۆمەڵگاوە وەك لە ژنانی کوردستان؟ یاخود ئەو رێکخراوە ژنانانەی کە لەئەوروپا دامەزراون سەبارەت بە ژنان ئەو رێکخراوانە تا چەند ئاکتیڤن یاخو تا چەند لە خزمەتی ژناندان؟

بێ گومان ئەگەر هەر کۆمەڵگایەك، سەرتاپای کۆمەڵگایەك لە هەموو لایەنێکەوە پێشکەوتووبێت ئەوا بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ژن تیا پێشکەوتوو ئەبێت، کەواتە پێشکەوتوویی کۆمەڵگا بەندە بە پێشکەوتووی ژنەوە، یان بە پێچەوانەوە، دوو شتی لەیەك دانەبڕاون، مومکین نیە کۆمەڵگایەك پێی بوترێ پێشکەوتوو ئەگەر نیوەی دواکوتوو بێت، چونکە ئەو کۆمەڵگایە لە ژن و پیاو پێکهاتووە، کواتە هەرگیز پیاو ناتوانێت بەبێ ژن کۆمەڵگا پێش بخات، هەر بەو شێوەیەش ئەگەر سەیری کۆمەڵگا ئەورووپیەکان وەکوو کۆمەڵگای پێشکەوتوو بکەین، ئەوا بێگومان لەبەر ئەوەی ژن تیا پێشکەوتوو و ئازادە.

هەروەها لە باوەڕمەوە کەوا دەسەلاتە لە ولاتە پێشکەوتووەکانی دونیا وا بەدەستی کۆمەڵگا و دامودەزگا مەدەنیەکانە نەك لە دەستی کۆمەڵێکدا بێت و ئەوان لە بازنەیەکدا و میللەت لە بازنەیەکی تر و کۆمەڵە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیش لە بازنەیەکی تردا. لەو وڵاتانە کۆمەڵە و رێکخراوەکانی ژنان بەشێکی چالاکن لە کۆمەڵگای مەدەنی، هەر بەو پێیەش بەشداری چالاکانە ئەکەن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگاکانیان و رۆڵی بەرچاو ئەبینن لە داکۆکی کردن لە ژنانی کۆمەڵگاکانیان.

ئینجا هەڵبەتە ئەکتیڤی و نا ئەکتیڤی رێکخراوەکانی ژنان بەستراوەتەوە بە شێوەیەك لە شێوەکان بە پشتگیری حکومەت و دەسەلاتی سیاسی لە مافی ژنان، ئەگەر حکومەتێك هەبێت پشتگیری لە کاری ئەو رێکخراوانە بکات، ئەوا ئەو رێکخراوانە ئەتوانن بە ئەکتیڤی بمێننەوە، ئەگەرنا ئەبێت پەنابەرنە بەر خەباتی (ژێرزەمینی) یان وەك ئۆپۆزیسیۆن کار بکەن ئەوەش بەباوەڕی من لە دونیای تەکنەلۆژیا و پێشکەتووی ئەمڕۆدا باوی نەماوە و بەسەرچووە. چونکە لە دونیای پێشکەوتوودا ژن بەشێکی زۆری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و زانست دروست دەکات..

کاری حکومەتەکانی رۆژئاواش تەواوکەری کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیە کەواتە ژن خۆی لەو وڵاتە پێشکوتووانە زۆر چالاکانە بەشداری ئەکات لە دەسەلات و بەڕێوەبردنی وڵات و کۆمەڵگا..

*ژنان تاچەند توانیویانە لەبواری نوسین و رۆشنبیری و فیکریان برەو پێبدەن و لە کۆمەڵگادا جی دەستیان دیار بێت؟

هەموو نووسینێك نووسین نیە، هەموو کاتێکیش ئەوەی بەباوەڕی من خزمەتە لەوانەیە خزمەت نەبێت، مەسەلەکە رێژەییە، چونکە چاویلکەکان و پێوانەکان جیاوازن، نووسین بۆ خۆی جیهانێکی فراوانە، نازانم چ مەبەستت لە چ جۆرە نووسینێکە، من باس لەو نووسینانە ئەکەم کە لە نێو دێڕەکانیدا دۆزێکی هەڵگرتووە، نووسینێك نەنووسرابێت، باس لە مەسەلەیەك بکات و خزمەت بەو مەسەلەیە بگەیەنێت، ئیدی بەباوەڕی من ئێمەی کورد رۆشنبیرمان زۆرە، و نووسەرمان زۆرن، هەڵبەتە ژنی نووسەریشمان زۆرن، بەلاَم کامیان یان چەندیان بە قووڵی هەست ئەکەن مەسەلەیەك هەیە ئەبێت بە لێپرسراوێتیەوە باسی لێوە بکەن، زۆرجار هەست ئەکەم نووسین لای هەندێ کەس وەکوو کراسێك وایە خۆی پێوە ئەنوێنێ! ت، هەریەکە مۆدێلێك ئەپۆشێت، یان وەکوو ئەو گۆرانیبێژەی وائەزانێت دەنگی خۆشە کەچی نە دەنگی خۆشە و نە گۆرانیەکانی لە گوێدا ئەمێنێتەوە، نووسین ئاسانە، بەلاَم خزمەت کردن گرانە، زۆر لەوانەی رەخنەی بریندار ئەگرن بەبێ ئەوەی هیچ مەسەلەیەك بپێکن تەنها بۆ ئەوەی ناویان بلاَو بێتەوە وا ئەزانن نووسەرن، بەلاَم بیرناکەنەوە نووسین رەخنەگرتن و بیریندار کردن نیە، نووسین لەوە گەلێ گەورەترە، نووسین مێژووە، ئەرکە، ئەخلاقە، لێپرسراوێتیە، داکۆکیە، نووسین کەسایەتیە، خزمەتە، نووسین زۆر شتە ئەبێت نووسەر بیدۆزێتەوە و بیپێکێت، هەڵبەتە لێرەدا پرسیارەکەت لەسەر ژنی نووسەرە، منیش بە گشت قسە ئەکەم، بۆیە وەلاَمەکەم ژنیش ئەگرێتەوە.

+تۆ پێت وایە ژنان دە توانن باوەر بەخۆیان بکەن چیدی چاوەروانی دەستی پیاو نەبن، بەمانایەکی تر بتوانن بە جوهدی خۆیان کار بکەن چونکە لە ئێستادا دەبینین زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکان ئەگەر تێبینی بکەین یاخود تەلەفیزۆنەکان هەموویان بەدەگمەن ژنێك بەریوەی بەرێت؟ ئایا ئەمە دەگەرێتەوە بۆ چی؟ دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی ژنان تەواو باوە ریان بەخۆیان نیە یاخود کۆمەڵگای ئێمە بواری نەداوە کچێك یان ژنێك بالادەست بێت بتوانی هەموو ئەرك و چالاکیەکانی پێبسپێردرێت؟

-ئەمە لە ئێستادا ئەکەوێتە سەر هەردوولا چ کۆمەڵگا و چ ژنەکە خۆی، بەلام لەبەر ئەوەی کۆمەڵگای ئێمە کۆمەلگایەکی بەبەراورد لەگەڵ ئەوروپا کۆمەڵگایەکی دواکەوتووە، کەواتە بەشێکی زۆری گوناهەکە لە ئەستۆی کۆمەڵگادا ئەبینمەوە، چونکە باوەرم وایە ژنی چالاك و لێهاتوومان هەن، بەلام تا چ رادەیەك لایان لێ ئەکرێتەوە و لێپرسراوێتیان ئەدرێتی؟ با کۆمەڵگا رێگە بدات ئەو کاتە دەر ئەکەوێت ژن کەمتەرخەمە یان نا، هەر چەندە زۆرجاریش ژن ئەگەر کەمتەرخەمی بنوێنێت ئەوا ئەوەش ئەگەرێنمەوە بۆ ئەو هەموو کۆسپ و تەگەرانەی کۆمەڵگا و ئایین و داب و نەریت و زۆر شتی تر ئەیخەنە بەردەم ژن و وایان لێ ئەکات وا نیگەتیڤانە بۆ کارەکان بچێت و هەندێ جاریش وا هیوابراو ببێت. !

هەڵبەتە ژنی لای ئێمە هێشتا ئەبێت خەبات بکات، بەمانای خەباتی ژێرزەمینی و ئۆپۆزیسیۆن نا وەك پێشتر ئامازەم پێدا چونکە باویان نەماوە، بەڵکوو ئەو جێگایانە بدۆزێتەوە کە خۆی بە شایستەی ئەزانێت و شەری بۆ بکات و بەزۆر لە چنگی پیاوی بسەنێت، چونکە باوەرم وانیە پیاو خۆی لە خۆرا بیدات بە ژن..

+لە زۆر بەی نوسینەکانتا توانیوتە ژنان بەرەو ئەقارێکی ئاکتیڤ بون بەریت، تۆ پێت وانیە لەئێستادا کاتێکی زۆری دەوێت ژنان بگەنە ئەوەی ئیتر چاوەروانی دەستی پیاو نەبن و لە کۆمەڵگادا بە ئەکتیڤی کار بکەن دوور لەدەستی پیاو سالاری؟

-منیش زۆرجار ئەڵێم زۆرمان ماوە، بەلام باوەربکە ئەگەر ویست و ئارەزوو و تەسمیم و خۆراگری هەبێت، ئەوا بێ شکم لەوەی هۆکاری کات زۆر زوو ئەبەزێت و بوونی نامێنێت، من بۆخۆم هەمیشە بەچاوی گەورەییەوە ئەروانمە ژن بۆیە هەوڵمداوە ژن بە چالاك و جوان دەربخەم، چونکە خۆی ژن بوونەوەرێکی زۆر جوانە، هەبوونی حاڵەتێکی جوانە، ئیدی ئەگەر منی ژن جوان وێنەی ژن نەکێشم باوەرم وایە زۆر زۆر کەمن ئەو پیاوانەی پۆزەتیڤانە سەیری ژن و رۆڵی ژن لە ژیانیاندا بکەن.

پاشان لە پرسیارەکەی پێشووشتا وشەی "چاوەروانی دەستی پیاو" ت بەکار هێنابوو، من حەز ناکەم هیچ کۆمنتارێك لەسەر ئەو شتە بدەم، چونکە باوی ئەوە نەماوە بڵێم ژن هەیە چاوەرێی دەستی پیاوە، ئەگەر باس لەوە بکەم کەواتە حاڵەتەکە ئەچەسپێنم، منیش نامەوێت حاڵەتە نیگەتیڤەکان دەرهەق بەژن بچەسپێنم، هیوادارم ژن تەنها بۆ خۆشەویستی چاوەروانی پیاوێك بێت، هیچی ترنا، تەنها خۆشەویستیە لە تواناییدایە هەر هەموو مانا نیگەتیڤەکانی ژیانمان وەرگێرێتە سەر مانا پۆزەتیڤەکان..

+لەکۆتاییدا ڤینۆس بیری لەوە نەکردۆتەوە بگەرێتەوە بۆ کوردستان و بەبەردەوامی لەکوردستاندا بژی و کار بۆ ژنان بکات و بۆ بەهێز کردنی تواناکانی ژنان لەهەموو بوارەکاندا؟

-کەسێك لەوە بێت و بیەوێت خزمەت بکات لە هەرکوێیەك بێت خزمەتی خۆی ئەکات، بۆ ئێستا بیرم لە هاتنەوە نەکردۆتەوە، نامەوێ درۆ بکەم و ریکلامی بۆش بکەم، بەلام ناشزانم سبەینێ چی پێیە بۆم، من لەوەتەی هاتوومەتە دەرێ چەند دۆزێکم هەڵگرتووە، لەوانە دۆزی میللەتی کورد، لەناو ئەو دۆزەشدا، ژن، ئەنفال و هەڵەبجە و گۆرە بەکۆمەڵەکان، سەربەخۆیی کوردستان..